سەرۆک کۆمار پێشوازی لە سەرکی سەمای دەکات



دکتۆر لەتیف جەمال رەشید سەرۆک کۆمار ، لە شوێنی حەوانەوەی خۆی لەشاری ریازی پایتەختی سعودیە، پێشوازی لە حەسەن شێخ مەحمود عەلی سەرۆک کۆماری سەمای و شاندی یاوەری کرد. نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار باویکردوە لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمە یەکشەممە،لەپەراوزی کۆبونەوەکانی لوتکەی هاوبەشی عەرەبی- ئیسلامی بووچوو، هەردوو سەرۆک باسیان لە پتەوکردنی پێوەندییە دووقۆییەکان و رێگاکانی پەرەپێدانی میکانیزمی هاریکاری نێوان هەردوو وڵات بە خزمەتکردنی بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو گەلی برا کرد. لەم چوارچێوەیدا، سەرۆک کۆمار ئاماژەی بە گرنگی چەکردنەوەی هەوڵەکان و یەکخستنی هەوڵستەکان کرد لەسەر پرسەکانی جە بایەخی هەردوولا و پێکەوە کارکردن بە بەدیهێنانی سەقامگیری لە ناوچەکە و سەرخستنی دەرفەتەکانی ئاشتی. سەبارەت بە دۆخی فەلەستینیش، سەرۆک کۆمار جەختی لەسەر پێویستی دەستبەجێ راگرتنی دەستدرێژی دژی گەلی فەلەستین لە غەزە کردەوە. هەروەها هەوڵدانی بە پەرەشی لە هەموو ئاستەکاندا بە کۆنتڕۆڵکردنی قەیرانەکە و لەکۆتە مرۆییەکانی و پاپشتیکردنی فەلەستینییەکان لە بەدەستهێنانی مافە رەواکانیان بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین بە پایتەختکەیەوە، کە قودسی پیرۆز، دوپاتکردەوە. لە بەرامبەردا سەرۆکی سەمای خواستی وڵاتەکەی بە پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و پەرەپێدانی

هاریکاریی دووقۆڵی بەشۆیەک، کە خواستەکانی گەلی عێراق و سەماڵ بەدیبهێنەت، دەربڕی. شایانی باسە هەریەک لە جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن و ئێندامی پەرلەمان وەسفی عاسی و باقیزی عێراق لە سعودیە، سەفیە سوهێل ئامادەی دیدارەکە بوون.